# ماڵپەڕە سەربەخۆکان لە نێوان گەیاندنی زانیاریی دروست و ڕاکێشانی خوێنەردا

بەشی دووهەم

## سۆران پاڵانی: مێدیا ئازادە هەر شتێک کە بۆنی بۆچوونی ئازادی لێوە هات بڵاوی بکاتەوە

## عیرفان ڕەهنموون: هێندێک ماڵپەڕ لە لایەن ڕێکخراوە سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە پشتیوانییان لێ دەکرێ

## خەلیل غەزەڵی: ئێمە دیفاع لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی دەکەین

**چەواشەکاری لە گەیاندنی هەواڵ و ڕاستییەکان بە بیروڕای گشتی، دیاردەیەکی بەرچاوە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سەر ماڵپەڕە ئەنترنێتییەکاندا سەریهەڵداوە. بە دەیان نموونە دەست دەکەون کە دەیسەلمێنن هەندێ جار ماڵپەڕەکان لە ڕێگا و ڕێبازی پیرۆزی ڕاگەیاندن لایان داوە. بە ئامانجی دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ڕەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی یاسا و پرێنسیپەکانی، لێرەدا چەند شارەزایەکی کاری ڕاگەیاندن لەسەر کارکردی ماڵپەڕە سەربەخۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدوێن.**

... دەبێ یاسا پێوشوێنیان بگرێ و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکا."

سەبارەت بە هەمان پرس، فەریبۆرز کرماشانی، بەرپرسی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی پارتی ئازادیی کوردستان وتی:" ئێمە لەوانەیە ڕۆژانە دەیان هەواڵمان بۆ بێ، بەڵام بەشێکیان لێمان ڕوون نین و بێشک لە بڵاوکردنەوەیان خۆ دەپارێزین." بەباوەڕی ناوبراو" لە نێوان ماڵپەڕ و سەرچاوەی هەواڵەکەدا، خاوەنی ماڵپەڕ بەرپرسە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا" لەهەمانکاتدا بە پێویستی زانی کە "سەرچاوەکە بەتەواوی لە لایان بەرپرسی ماڵپەڕەکەوە ناسرا بێ و پاشان پرسیار لە چەند سەرچاوەیەکی دیکە کە نزیکن لەو ڕووداوە بکرێ."


سۆران پاڵانی

لە باسی پێویستیی هەبوونی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی کار و وەشاندنی ماڵپەڕەکاندا، "سۆران پاڵانی،" ئاماژەی بە بەرپرسیارێیی ئەخلاقی لە نەبوونی یاسادا کرد و وتی:" مێدیاکانیش وەک هەموو دەزگاکانی دیکە، پێویستیان بە بوونی یاسایەکە، بەڵام بەو هۆیەوە کە ئێمە وەکوو کورد لە کوردستانی ئێراندا تا ئێستا خاوەنی خاکی خۆمان نین، دەبێ هەست بە بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی بکەین بەرامبەر بەو شتانە، تا ئەو کاتەی یاسایەک دادەڕێژرێ کە بتوانین بەپێی ئەو یاسایە چالاکی بنوێنین."

"عیرفان ڕەهنموون،" پێوایە کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا یاسایەک بۆ کاری ماڵپەڕەکان بوونی هەیە و وتی:" پێیموابێ لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا یاسایەک هەیە، بەڵام بەداخەوە لە کوردستاندا ئەو یاسایە بوونی نییە و ماڵپەڕەکان دەتوانن بەبێ ئەوەیکە چاودێرییەکی یاسایان لەسەربێ کار بکەن."

هەروەها، "بێهروز ئەردەڵان،" لەو بارەوە وتی:" ماڵپەڕە حیزبی و حکومەتیەکان بێ گومان لە ژێر کونترۆڵدان و ئەوانە تەعبیر لە ڕا و سیاسەت و بۆچوونی ئەو لایەنانە دەکەن. بۆ ماڵپەڕە سەربەخۆکانیش لەگەڵ ئەوەی نابێ بکەونە بەر هەڕەشە، وا باشە لە سەر لادان لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێ. ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە ماڵپەڕەکان هاگ و فیلتێر بکرێن، چۆنکە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانمان برەودان بە ئازادیی ڕاگەیاندنە لە چوارچێوەی یاسادا. خەباتمان دژی سەرەڕۆیی دەسەڵاتی ملهوڕی ئاخوندیە کە جیاواز لە زەوتکردنی مافی نەتەوایەتی، تێکڕای مافەکانی دیکەش وەك ئازادیی ڕاگەیاندن و دەربڕینی پێشێل کردوە."

"فەریبۆرز کرماشانی،" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە "تاکوو ئێستا لە وڵاتی ئێمە یاسایەک بەناوی یاسای ماڵپەڕەکان نییە، بەڵام چاو لە وڵاتانی دیکە بکەین دەبینین کە یاسایەکی تایبەت هەیە بۆ وەشاندنی ماڵپەڕ و خاوەن ماڵپەڕ بەرپرسیارە بەرانبەر بەو بابەتانەی بڵاوی دەکاتەوە." هەر بۆیە ناوبراو، بوونی یاسایەک بۆ وەشاندنی ماڵپەڕەکان بە "شتێکی زەروری و پێویست"دەزانێ.

لە سەر چۆنیەتیی قەرەبووکردنەوەی ڕووشاندنی کەسایەتییەکان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی نادروست، "سۆران پاڵانی" دەڵێ:"ماڵپەڕ دەبێ ڕێگەی یاسایی بگرێتە بەر، دەنا ئەگەر هاتوو هەواڵەکە ناڕاست بوو، دەبێ ماڵپەڕەکە یان ڕۆژنامەکە داوای لێبۆردون بکا و بڵێ ئەو هەواڵە ناڕاست بووە. یان لایەنی بەرامبەر لە ڕوونکردنەوەیەکدا ناڕاستیی هەواڵەکە ڕابگەیەنێ."

"خەلیل غەزەڵی،" پاراستنی کەسایەتیی هەر مرۆڤێک پێش هەموو یاسا و ڕێسایەک بە ئەمرێکی ئەخلاقی دەزانێ و دەڵێ:"لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بۆ پارێزگاری لە کەرامەت و حورمەتی ئینسانەکان(تاک یان کۆ) یاسا هەیە. بێگومان هەمان یاسا، هەر پێشێلکارییەکی ئەوتۆش لە ماڵپەڕەکاندا ڕوو بدات، دەگرێتەوە. بۆ نموونە ئەو سزایەی بۆ ڕۆژنامە یان هەر بڵاوکراوەیەک، کە بەهەر هۆ بووەتە هۆی حورمەتشکێنیی کەس یان لایەنێک دانراوە ؛ هەمان سزاش ماڵپەڕەکانیش دەگرێتەوە."

هەروەها، ناوبراو تیشکی خستەسەر جۆرەکانی قەرەبووکردنەوە و ڕایگەیاند:" ئەگەر مەبەست لە قەرەبووکردنەوە مادی(دراو)یە، ئەوە یاساکانی ئەو وڵاتە دەزانێ کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوو دەدا. بۆ نموونە: لە ئامریکا ئەوەی حورمەتی شکاوە قەرەبووی پارەی بۆ دەکەنەوە کە تاوانبار دەبێ بیبژێرێت. سەرەڕای ئەوەش بەپێی تاوانەکە، سزا(زیندان یا جەریمە)ش دەیگرێتەوە. بەڵام گەر مەبەست قەرەبووکردنی مەعنەویە، ئەوە دەبێ ماڵپەڕەکە بە شێوەی فەرمی لە "سەربەرگ"ی خۆیدا وێڕای داوای لێبۆردون لەو کەس یا لایەنە کە بەچەشنێک حورمەتی شکاندووە، ئیعتراف بە هەڵەکەی خۆی بکا و لە خوێنەرانیش داوای لێبۆرون بکات."

"عیرفان ڕەهنموون،" سوور بوو لەسەر ئەوەیکە:" تا هەواڵەکە لە چەند سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە پشتڕاست نەکرێتەوە،" بڵاوی ناکەنەوە.

"بێهروز ئەردەڵان،" ئەو مەسەلەیەی گەڕاندەوە بۆ یاساو و وتی:" ئەوەی کە چۆن قەرەبووی بریندارکردنی هەستی کەسێك یان بێڕێزی کردن بە لایەنێك بکرێتەوە، بە بڕوای ئێمە دەبێ یاسا ئەو قەرەبوو کردنەوەیە دیاری بکا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو سەرچاوەیەی کە هەستی لایەنێکی بریندار کردووە، دەتوانێ یەکەم بە ڕاستکردنەوەی کارە هەڵەکەی قەرەبووی بکاتەوە و دووهەمیش داوای لێبوردنی لێ بکا."

"فەریبۆرز کرماشانی" تیشکی خستەسەر کەمتەرخەمیی هێندێک لە ماڵپەڕەکان و وتی:" ئەگەر بێین و باس لە ڕووشاندنی کەسایەتی بکەین لە لایان ماڵپەڕەکان و چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەیان، ئەوە دێتە گۆڕێ کە لە کوردستاندا هیچ ماڵپەڕێک خۆی بە خاوەنی هەواڵەکانی نەزانێ. تەنانەت کاتێک هەواڵێک لەسەر کەسایەتییەک بڵاودەکرێتەوە ئەوە کەسایەتییەکەیە دەبێ ڕوونکردنەوە بۆ ماڵپەڕەکە بنێرێ! لەحاڵێکدا، ئەوە ماڵپەڕەکەیە کە دەبێ قەرەبووی ئەو ڕووشاندنە بکاتەوە، لەبەر ئەوەی هەواڵەکەی ناڕاست بووە. ئەگەر یاسایەک بۆ ماڵپەڕەکان هەبێ، ئەو ڕووشاندنەش تا ڕادەیەک کەم دەبێتەوە."

لە درێژەدا، ئەو دەستەیە لە شارەزایانی کاری ڕاگەیاندن، بیروڕای خۆیان لەسەر چۆنیەتی پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان ئازادیی ڕاگەیاندن و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیدا دەربڕی.

"سۆران پاڵانی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە:" دەبێ خاڵێک هەبێ کە هەم بتوانێ بەرژەوەندیی گشتی لە مێدیاکاندا ڕابگرێ، هەم دەبێ مێدیا خۆی ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی بکا." پاڵانی، ئاشکرای کرد کە لە کوردستاندا چەشنێک لە


فەریبۆرز کرماشانی

تێگەیشتنی هەڵە لە بەرژەوەندیی گشتی لە ئارادایە و وتی:" بەداخەوە لە مێدیای کوردیدا ئەگەر شتێک لە سەر کەسێک یان لایەنێک بێ بە ناوی بەرژەوەندیی گشتی ناو دەبردرێ. لە کاتێکدا هەیە کە لایەنێک خۆیان گاڵتەیان بە بەرژەوەندیی گشتیی میللەتەکەمان دێ. بۆیە من پێموایە مێدیاکان کە هەندێک کار دەکەن کە لەوانەیە دژی حیزبەکانیش بێ، ئەمە بۆ ئەوەیە کە حیزبەکان بە خۆیاندا بچنەوە و ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی بکەن."

خەلیل غەزەڵی، لە پێشدا باسی لە جیاوازیی "بەرژەوەندیی گشتی بۆ دەوڵەت لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی بۆ خەڵک یان حیزبێکی ئۆپۆزێسیۆن" کرد، پاشان بە شێوەی گشتی وتی:" دەبێ بەهەر بیر و باوەڕێکەوە، سنوورێک بۆ کردارەکانمان دابنێین. بۆ نموونە: ئێمە ماڵپەڕێکی ڕەخنەگرین بە بیروباوەڕی سێکۆلار و چەپەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە چون ڕەخنەگرین، هەرچی خۆمان بە باشمان زانی بڵاوی بکەینەوە. بۆ من پاراستنی هاوسەنگی گەر نەم خزێنێتە ناو ڕێبازی "پراگماتیستی"یەوە و ئامانج بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووسی بێ، باوەڕم پێی هەیە و ڕەچاویشی دەکەم."

عیرفان ڕەهنموون، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە "دەبێ بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد لەبەرچاو بگرین. بۆیە هەواڵێک بڵاو نەکەینەوە کە دژی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد بێ."


خەلیل غەزەڵی

لە لایەکی دیکەوە، بێهروز ئەردەڵان وای دەبینێ کە:" کاتێك ئازادیی ڕاگەیاندن بۆ قازانجی گشتییە، بێگومان دەکرێ ئەو هاوسەنگییە لە سەر پابەندبوون بە قازانجە تێکڕاییەکە ڕاگیرێ، دەبێ یاسایەکی نوێ و مودێرن لە شێوەی یاسای وڵاتانی پێشکەوتوو، لە کوردستان پیادە بکرێ کە دوور بێت لە هەر جۆرە هەستێکی ڕەگەزی و مەزهەبی، ئەوکات کۆمەڵگەی کوردستان دەتوانێ لە ئازادی ڕاگەیاندن قازانج بکا و مافی هەموو تاکێك پارێزراو دەبێ"

فەریبۆرز کرماشانی، باسی لە شێوازی ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە کرد و وتیشی:" دەبێ هەمووان کار بۆئەوە بکەین کە لە بناخەوە هاوسەنگیی ڕاگەیاندن و بەرژەوەندی گشتی، لەبەرچاو بگیرێ و سنوورێک بۆ ئەم مەبەستەش دابنرێ."

پاشان، باسی ناوزڕاندنی حیزبەکان و تیژکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حیزبەکان یان خۆد لە ریزی حیزبێکدا، لە سەر ماڵپەڕەکان هاتە گۆڕێ و سەرەتا سۆران پاڵانی دەریخست کە ئەوە شەڕی نێوان حیزبەکانە و ئەندامانی حیزبەکانی بە بەرپرسیار لەو مەسەلەیە زانی و ڕایگەیاند:"ئەوانەی کە لە ماڵپەڕەکاندا کار دەکەن بەشێکی زۆریان حیزبین. ئەوە بە بڕوای من حیزبەکان بە یەکتریی دەکەن و ئەو حاڵەتە دێننە گۆڕێ، نەک مێدیای ئازاد، وەک ئەوەی کە لە چەند مانگی ڕابردوودا دیتمان کە حیزبە کوردییەکان دژ بە یەک چییان دەکرد."


بێهرووز ئەردەڵان

خەلیل غەزەڵی، لەو بارەوە وتی:" ئێمە دەبێ پێش هەموو شت، سنووری خۆمان لە نێوان جنێو و بێحورمەتی و ڕەخنە جیا بکەینەوە. ئەوکات دەتوانین ڕەخنە و بێپرێنسیپی لێک جیا بکەینەوە و لەسەریان قسە بکەین." ناوبراو لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە:" زۆرێک لەو بابەتانەی کە هێندێک ماڵپەڕ بەناوی تەنز(ساتیرە) یا کاریکاتۆر یا ڕەخنە بڵاوی دەکەنەوە، هیچ پێوەندیەکیان بە کاری ڕۆشنگەرانە و وشیارگەرانەوە هەبێت."

عیرفان ڕەهنموون، بە بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی ماڵپەڕێک بکا، وتی:" ڕەنگە هێندێک لەو ڕاگەیاندنانەی ئامانجیان کردووەتە تێکدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد، لە لایەن هێندێک لە ڕێکخراوە سیخوڕییەکانەوە ساپۆرت بکرێن. من لەسەر ئەو بڕوایەم کە هێندێک لەو ماڵپەڕانە لە لایەن ڕێکخراوە سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە پشتیوانییان لێ دەکرێ. هێندێک ماڵپەڕ هەن کە هەمووان دەزانن کە کاریان تەنیا ئەوەیە کە هێرش بکەنە سەر بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان."

بێهروز ئەردەڵان، جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە" سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن دەبێ دەوری باش و بەرپرسیارانە بگێڕن و دووری بکەن لە مەبەستی خراپ و زیانبار. دەوری خراپ زیاتر کاری ناوەندی ڕاگەیاندنی دوژمنانە. ئەوانەی بە قسەی ئەو ماڵپەڕانە تیژ دەبن و ریزەکانیان تێکدەدەن، باشتروایە بە وردی هەنگاو هەڵگرن و بە بەردەوامی لە خزمەت خەباتی پڕ لە سەروەریی ڕزگاریدا بن."....

بۆ لاپەڕەی 7


عیرفان ڕەهنموون